ژماره (1)

# پەیوەندی

# ئیسلامی کوردستان

**ناساندن, دیدگا, تێگەیشتنی واقیعی**

**2005**

*نَحنْ نَقُصُ علَيكَ نبَأَهُمْ بِالْحَق اِنَهُمْ فِتْيَةٌ أمَنوُا بِرَبِهمْ فَزِدْنَاهُمْ هُدىً.

* پەیوەندی ئیسلامی کوردستان: رێکخراوێکی سیاسی کوردستانییە, بەشێکە لەخەباتی رزگاریخوازی و سەرفرازی میللەتی ستەمدیدەی کوردستان,
ئیسلام بە سەرچاوەو فیکرو دیدگای هەوڵوێستەکانیانی دادەنێت. ئەمەش بە سروشتی ئاسایی خەباتی رزگاریخوازی کوردستان و داینەمۆی بەردەوامی ئەو خەباتە دەزانێت. بەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پتەوی پاراستنی رێزەکانی لەکاراکردنی هەستی ئیسلامخوازی تاکی کوردی دا دەبینێتەوە.

* گۆڕان بە ئاڕاستەی شێوازێ تازە لەکاری سیاسی و رێکخراوەیی و مامەڵە لەگەڵ رووداوو گرفتەکان.
پەیوەندی ئیسلامی کوردستان بەر لە راگەیاندنی رەسمی و دوای راگەیاندن و ئێستاش دەخرێتە ژێر ئەو پرسیارەوە ئایا شتی تازەی پێیە؟ چ گۆڕانێکی تازە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دی؟

خوشکان.. برایان . ئەندامانی ( پەیوەندی ئیسلامی کوردستان ) دۆستان و ئاشنایان و ئومێدخوازان. بەم چوارچێوە تازەیە. ئێمە بەر لەوەی رایبگەیەنین لە ژێر ناوێکدا کاربکەین خاوەنی پەیام و خوێندنەوەی خۆمانین, ئەمە هۆکاری دروست بوون و هاتنە مەیدانی پەیوەندیەکەتانە. ئەمەی بەردەستان یەکەم زنجیرەی خوێندنەوەو قەناعەتی رێکخراوەکەتانە لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی پەیوەست بەفیکرو هەنگاوی سیاسی ( پەیوەندی ). کاکڵەی گفتوگۆی ناو ئەندامانی ئەنجومەنی راوێژکاری ( پ.ا.س )ە لەسەر ئەو بابەتانەی خراونەتەروو. ژمارەی تری بەدوادا دێت. هەر سەرج و تێبینیەکی ئێوە دەبێتە دەوڵەمەندکردنی کۆی خاڵەکانی پەیام و خوێندنەوەی ( پەیوەندی ئیسلامی کوردستان ). چونکە ئەمە شۆڕدەبێتەوە بۆ بیرو قەناعەتی هەمووتان و دەرچوون لە بنەڕەتی ئەم خوێندنەوەو مانەوە لە رێزەکانی رێکخراوەکەمان پێکەوە کۆنابێتەوە.....

## سەرەتا:-

**پەیوەندی ئیسلامی کوردستان: ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانییە, بەشێکە لەخەباتی ڕزگاریخوازیو سەرفرازی میللەتی ستەمدیدەی کوردستان, ئیسلام سەرچاوەی فیکرو دیدگای هەوڵوێستەکانی دەبێت. ئەمەش بە سروشتی ئاسایی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانو داینەمۆی بەردەوامی ئەو خەباتە دەزانێت. بەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو پتەوی پاراستنی ڕێزەکانی لەکاراکردنی هەستی ئیسلامخوازی تاکی کوردی دا دەبینێتەوە, ئەو قەناعەتەش بەرهەمی بیرکردنەوەو پشوودرێژیو هەوڵی بەردەوامی کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو لاوی ناو ڕەوتی ئیسلامی کوردستانە, لە سەر بنەماو تێڕوانینی واقیعیانە دامەزراوە, خوێندنەوەی تازە بۆ گرفتەکان, خوێندنەوەی تازە بۆ بەتەنگەوەچوون, خوێندنەوەی تازە بۆ سەراپای چالاکی و پڕۆژەی کارو خەباتی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان لەمەیدانی بەدیهێنانی خواستو ئاما نجە سیاسیو کۆمەلایەتیو فەرهەنگیو پەروەردەییو خزمەتگوزاریەکانی دا.**

**پەیوەندی ئاکامی لێکترازانو پەرچە کرداری (رد فعل)ی هیچ لایەنێکی سیاسی تر نیە, زایەڵەی بیرۆکەی ڕەسەنو پڕۆژەی دروستو زەخیرەی فیکریو خوێندنەوەی خاوەن هەستو خواستی ئیسلامخوازانی کوردستانیانە. بەمەنهەجی کردنو قوڵکردنەوەی ئەم فیکرە لە مێژە لە ناکۆکی دایە لەگەڵ عەفەویەتو تێگەیشتنی نامۆ, لە مێژە بانگەوازی مەرکەزیەتو قوڵکردنەوەی گیانی ڕاوێژکردن دەکرێ, لە مێژە دروشمی پسپۆڕیو شیاوی لەکارپێ سپاردنو بەخۆداچوونەوە بەرزکراوەتەوە, لە پێشەنگێکی کاراوە شۆڕبێتەوە بۆسەراپای ئەزموونی سیاسی کوردستان, پەیوەندی خاوەنی دونیایەك خۆزگەی خواویستیو دونیایەك پڕۆژەی ئاوەدانیو بنیاتنانەوەو تازەبوونەوەیە بۆدڵەکان, بۆجەستەی ماندووی ڕابوون, بۆ بەیەکەوە ئاشناکردنەوەی موفرەداتە بە یەك نامۆکراوەکان, بۆخوێندنەوەی سەردەمیانەو خۆماڵیانەو واقیعیانە, پەیوەندی دەیەوێ بێتە مەیدان هەتا ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت لە ڕەوشی سیاسیو فەرهەنگی ئایندەی کوردستانو عێراق. بە بەرنامەو هەڵوێستو ئەدەبیاتی ڕوون.**

## شوناسو خواستو خاسیەتە بنەڕەتیەکان

**1- قوڵکردنەوەی متمانەو یەکڕیزی لە سەر بنەمای لە یەکتری تێگەیشتن, گفتوگۆی هێمنانە بۆ جیاوازیەکان, پڕۆژەو نەخشەی هاوبەش بۆ بنیاتنانو پەرەپێدان, بەرهەمدارکردنی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن, لابردنی پەرژینی قسەکردن لە سەر ناتەواویو گەندەڵی.**

**2- جدی بوون لە پێشبڕکێ بۆ خزمەت بە هەموو بوارەکانی ئەزموونی کوردستان, بۆ زامنکردنی کۆمەڵگایەکی ئارامو ئاوەدان, ئاسایشو پڕ لە خزمەتگوزارو شارستانی. بەگژاچوونەوەی گەندەڵی, نەهێشتنی زوڵمو نادادگەری, گەشەپێدانی گیانی خۆشەویستی نیشتیمانو پتەوکردنی تەباییو برایەتی هاودینیو هاوزمانو هاوڕایی لە سەر ڕاستگۆییو چاکسازی.**

3- گەشە پێدانی توانای زانستی و پەروەردەیی بۆ ئاشناکردن بە بنەماکانی یەکتا پەرستی و بوارە رۆشنبیری و مەعریفیەکان, رەنگدانەوەی ئەمە لەسەر ئەندامان و دۆستان و لەوێشەوە بۆ تاکەکانی پێکهاتەی کۆمەلگای کوردستان.

4- ئامانجی گشتگیر, لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی جیاجیاو دروست و گونجاو, ئەم شێوازە جۆراو جۆرەش لەگەڵ قەناعەتی فیکری ئیسلامیمان و بزاڤی رزگاریخوازی میللەتەکەمان بە کۆك دەزانین. لەگەڵ ئەولەویاتی خەباتی ئەم قۆناغەمان کە خەباتی سیاسی و رۆشنبیریە لە بازنەی دەوڵەمەندکردن و گەشە پێدانی ئەزموونی سیاسی کوردستان. بۆ ئاستێك پەرەی پێبدرێت هەموومان دادگەرانە لە بەرانبەر ئەرك و مافەکان دا یەکسان بین.

5- فراوانبوونی پێگەی جەماوەری بە شێوازی هاوچەرخانە و لە رێگەی رێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی و دامەزراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی. ئەمەش بەیەکانگیرکردنی ئامانجەکانمان لەگەڵ خواست و خەونەکانی هەموو چین و توێژەکان و بە وەلامدەرەوەی کردەیی ( عملی ) دەبێت بۆ تەنگژە و گرفتەکان و خۆزگە و ئامانجەکانی کۆمەلگای کوردستان.

6- قوڵکردنەوەی هوشیاری سیاسی و دیموکراتی لە ناو ئەندامان و لەوێشەوە بۆ ناو دەزگا ئیداری و دامەزراوە حکومی و مەدەنیەکان لە سەر قبوڵکردنی ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی ستافی دەسەلات, دوور لە سیاسەتی قۆرغکردن. بەمەش بەشداری پێگەی جەماوەری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە پرۆسەی سیاسی کوردستان فراوانتر دەبێت و گیانی بە خەمەوەبوون و چاودێری گەشەدەکات, ئەدەبیاتی خەمساردی و بێباکی نامێنێت.

7- بەشداری چالاکانەی ئافرەتان لەکاری سیاسی لە رێزەکانی پەیوەندی و پشتگیری لە بەهێزکردنی بەشداری ئەوان لە پێگە ئیداری و پەروەردەیی و خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت بە مەرجێ لەگەڵ خاسیەتی بایەلۆجی و کۆمەلایەتی ئەواندا بگونجێت, جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە قەناعەتی ئێمە تەنها لە جۆری ئەرك و ماف دایە, ئەگەر جۆری ئەرك و مافیان وەکو یەك بێت ئەوە باری قورس بەسەر ئافرەت دادەدەیین کە خۆی خوازیاری نیە, دەبێت ئەمە تێکەڵ نەبێت لەگەڵ یەکسانی و نایەکسانی نێوان ئەو دوو رەگەزە, چونکە هەردووك لە ئەرك و ماف یەکسانن بەلام لە جۆری ئەرك و مافەکان جیاوازن.

8- پەیوەندی ئیسلامی کوردستان لە چوارچێوەی هەرسێ دەسەلاتی دەوڵەت و بە پێی یاسای پارت و کۆمەلەو سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان کاردەکات, پارتێکی روخسەت پێدراو دەبێت, بە پێی پرنسیپی دامەزراوەکانی دەوڵەت کاروچالاکی خۆی ئەنجام دەدات. رەخنە و فشار لە سەر دام و دەزگاکانی حکومەت بە مەستی چاکسازی دەبێت, لە بەرانبەردا خەباتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی تاکی نمونەیی سەرکەوتوو شیاو دەبێت بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت.

9- لاوان و رۆشنبیران رۆڵی بەرچاو دەگێرن لە ناوەندی بڕیاری پەیوەندی لە وێشەوە بۆ بایەخدان بەهەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان, هەموو پارت و لایەنێکی خاوەن پەیام بێپشتگیری جەماوەرو متمانەی جەماوەر ناتوانێت لە خزمەت بەدۆزو بەرەو پێشچوونی میللەتەکەی خۆی دابێت, لەم قوناغەش کە قۆناغی بەرەو کامڵبوون و کاراکردنی چالاکی جەماوەریە ناتوانین بە بێ نوخبەیەکی پێشەنگی خاوەن دروشم و بە ئەنجامگەییەنەری ئامانجەکانی گەشە بکات, خەبات بۆ ئامادەکردنی پێشەنگ بەر لە جەماوەری بوون کاری ئەم قۆناغەیە.

## پەیوەندی ئیسلامی کوردستان و پابەندی شەرعیو هۆشیاری ئیسلامی.

1- لە ناوکەلتووری تێگەیشتنو قوتابخانە فیقهیو دیدە جیاجیاکان جەخت دەکەینە سەر تێگەیشتنی خۆماڵیو سەردەمو یەکانگیر لەگەڵ واقیعی کۆمەلایەتیو کەلتووری کۆمەلگای کوردستان.

2- جەختکردنە سەر مسوڵمان بوونی کردەییو رەنگدانەوەی لە سەر کاروهەڵوێست، موزایەدە نەکردنی ئیسلامیبوون بە سەر کەس، پێوانەو پێشبڕکی بۆ زۆرترین خزمەتو باشترین پرۆژەو دروستترین هەڵوێستو دەستپاکترین کەسو دڵسۆزترین هاوڵاتیو خزمەتگوزارترین خەمخۆر بۆ ئەمڕۆی بنیاتنانو بەرەو پێشچوون.

3- کاراکردنی رۆڵی زانایانی خاوەن زانستە شەرعیەکانی کوردستان، لە بواری رۆشنبیری کۆمەڵگا بە زانستی شەرعی بۆ پەرەپێدانی ئاکاری بەرزو نەهێشتنی کردارە ناشیرینەکان. دەوڵەمەندکرنی شوناسی میللەتی خۆمان بە پەروەردەیەکی دروستو پتەوکردنی ریزەکانیو تەنگهەڵچنین بەکارە خراپو دزێوەکان.

4- هەوڵدان بۆ ناسینی شەریعەتی ئیسلام لە عێراقو کوردستان وەکو سەرچاوەی بنەڕەتی یاساو دادوەری. ئەمەش بە تێگەیشتنی واقیعیو سەردەمانە.

5- کاری ئێمە هوشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگاکەمان دەبێت بە ئایینو پابەندبوون بە ئیسلام، ئەرکی بە دواداچونو سزای کاری ناشەرعی پەیوەندی بەمافی گشتیەوە هەیەو دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت. پەیوەندی ئەرکی هوشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی تاکی کۆمەڵگای دەکەوێتە ئەستۆ بە سەر پەروەردەیەکی ئیسلامیو بەها رەسەنەکان هاوشانی پێشکەوتنو گەشەسەندنی کۆمەڵگا.

## هەڵوێست سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**یەك – لە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی عێراقو هێزەکانی ئەمریکا:-**

قەناعەتمان وایە ئەمریکا بەروخسەتی عێراقیەکان نەهاتوە بەڵکو بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ مانەوەی رژێمی دیکتاتۆری (سەدام حوسێن) تێك گیراوە، هێزە نەیارەکانی عێراقیش لە دوای ساڵی 1991وە دەستەوستان بووە لە بەرانبەر روخانی رژێمی دژە مرۆڤو دژە ئایینو دژە ئازادی، لێرەوە هاریکاری هێزە نەیارکانی عێراقو هێزەکانی ئەمریکا بووە ئەمری واقیعو بەرژەوەندی هاوبەش. ئێمە ریز لە هەوڵەکانی دەگرین بۆ رووخانی رژێمی ئاگرو ئاسنی سەدام حوسێن، بێگومان واقیعێکی تاڵی لەکۆڵ میللەتەکەمان کردەوە، ئەو راستیەش تێدەگەین حکومەتی تازەی عێراقی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئارامیو ئاسایشی عێراق بپارێزێتو دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی لاوازنو لە ئاستی پێویست دانین، پاشماوەی حیزبی بەعسی لێك هەڵوەشاوە لە جموجۆڵو ئاژاوەدان، دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا عێراقو کوردستان لە مەترسیدایەو لێرەدا ئەمڕۆ ئێمە لە بەردەم دوو ئەگەرداین:- گەرانەوەی دەسەڵاتی بەعسو شەڕی ناوخۆ،یان بێدەنگی لەبەرانبەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەتا باری سیستەمی دەسەلات لە عێراق جێگیر دەبێت، دیارە دووەم بەگونجاوترو بەرژەوەندی تری دەزانین، ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ ئەوها دەبینین:

**ا- لەگەڵ دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکاین لە دوای جێگیر بوون و پتەوبوونی دامەزراوە سەربازیەکانی عێراق و هێزەکانی ناوخۆ , هاوکات کۆمەڵێ سەرنج و تێبینی زۆرمان لەسەر شێوازی پێکهاتەی دامەزراوە سەربازی و هێزەکانی ناوخۆی عێراقی هەیە.**

**ب- ئەم شێوازەی ئێستا بەناوی موقاوەتەوە گیراوەتە بەر ( دژی هێزەکانی ئەمریکا ) کەمترین زیان لەم هێرشانە هێزەکانی ئەمریکایە, پرۆژەیەکی سیاسی بەدیل و ئامانجی روون و ئاشکرا لەو موقاوەمەیەدا نابینین. چوونەتە خانەی تیرۆرو تۆقاندن و فاکتەری تێکدانی ئارامی و ئاوەدانی. هەتا ئێستا زۆربەی مەدەنی و خەڵکی بێ تاوان تیا دەچن و هۆکار بووە بۆ ئاژاوەی تایفەگەری و و زیان گەیاندن بە ژێرخانی ئابووری عێراق گەیاندووەو ...هتد. , بەمەترسی دەزانین. لە لایەکی ترەوە کەسایەتی رەوتی ئیسلامی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەخاتە ژێر پرسیارەوە, چونکە پیاوانی رژێمی پێشوو لەگەڵ داینەمۆی عروبەی عەرەبی بە بەکارهێنانی سۆزی ئایینی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن, مێژووی بەگژاچوونەوەی ئیستیعماری ئەورووپی لە جەزائیرو سوریاو وڵاتانی ئیسلامی باشووری رۆژاوای ئاسیا روونە کە هێزە دەمارگیرو سەرەڕۆکان هەمیشە عاتیفەی مسوڵمانانی ئەو وڵاتانەیان جوڵاندوە بە ناوی جیهادو دواتر کە هاتوونەتە سەرحوکم گرتووخانەکانیان لێ پڕکردوون, ئەمەش بە خەیاڵ جێی دڵخۆشی هەر رەوتێکی ئیسلامی عێراقی بێت لە ئایندە تەنها بەعسیەکان سوود مەند دەبن.**

**ج- حکومەتی تازەی عێراق و دامەزراوە سەربازی و هێزەکانی ناوخۆو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەو شێوازە کەم ئەزموونی و توندوتیژیەوە چارەسەری گرفتی عێراقی پێناکرێت. عێراق پێویستی بە پرۆژەیەکی ستراتیژی و هەمەلایەنە و واقیعی هەیە بۆدەرچوون لەم حاڵەتە نائارامی و مەترسیدارە.**

**بانگەشە بۆ دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا داوایەکی رەواو شەرعیە, مانەوەی بێ بیانووی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق لە دەستدانی سەربەخۆیی عێراقە, بەڵام خەبات لەم پێناوەدا دەبێت لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتیمانی وئیسلامیدابێت, لەکات و شوێنی خۆیی و هەموو لایەك پێکەوە ئەم ئەرکە شەرعی و نیشتیمانیە بگرنە ئەستۆ.**

**د- سیستەمی تازەی جیهان و تاك جەمسەری سەرەڕای مەترسی و ئاکامە خراپەکانی دەگونجێت بە شێکی بە سوود بێت بە تایبەت بۆگەلانی چەوساوەو زوڵملێکراو, گومانی تیا نیە سەردەمی شەڕی سارد بۆشاییەکی گەورە هەبوو بۆگەلانی ژێردەست و خەباتگێڕ هەتا سوودی لێ ببینن. ئەمڕوش گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست رژێمە دیکتاتۆرەکانەوە دەناڵێنن, بە هەر مەبەستێك بێت کەوتوونەتە ژێر فشاری سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناچار دەبن هەناسەیەکی ئازادی ببەخشنە گەلانی وڵاتەکەیان لە بەرانبەر شاڵاوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.**

دوو- عێراقى ئاينده:-

عێراق وڵاتێكى فره رەگەزو فره ئايين‌و فره مەزهەبە, لە بەر ئەوە ئاينده‌يەكى تەباو جێگيرى نابێت, ئەگەر سيستەمى دەسەڵات لە عێراق بە رەچاوكردنى پێكهاتە جياجياكانى دانەمەزرێت‌و رەنگدانەوەى واقيعى ئەو فرەيية نەبێت, مەرجى شەرعيەت‌و مانەوەى دەوڵەتێك بەم سنووره سياسيەى ئێستاى حيساب كردنە بۆ واقيعى ئەو پێكهاتەيە, ئەگينا ئەم دەوڵەتە نە كەلتوورى سيستەمى فەرمانڕەوايەتى ئيسلاميە‌و نە بەرژەوەندى مسوڵمانانى لەگەڵ خۆى دا پاراستووە. داگيركارى بەريتانى بە مەبەستى بەرژەوەنديية ستراتيژيەكانى داواى شەڕى يەكەمى جيهانى دروستى كردووە. بە شەرعاندنى بەرگرى لە يەكيەتى خاكى عێراق بۆ بەرژەوەندى سياسييەو خۆ بواردنە لە سەرەتاكانى دروستبونى دەوڵەتى عێراق‌و ئەو هەموو نەهامەتيانەى بە دواى خۆى دا هێناويەتى, دەبێت ئاينده بۆ پێكەوە ژيانى ئارەزوومەندانە بێت‌و شوێنەوارى خۆفەرزكردنى تاك نەژادى‌و تاك حيزبى دەبێت بسڕێتەوە. داڕشتنەوەى عێرق لە سەر ئەوەى هەبووە واتە دووبارەبوونەوەى مێژووى عێراق وەك خۆى. ئەو دەنگانەش ئەمڕۆ لە دژايەتى سيستەمى فيدراڵى نەتەوەى‌و جوگرافى‌دان بۆهەرێمى كوردستان لەم پۆلينانە بەدەر نين:

ا- كاريگەرى وڵاتانى دراوسێ كە واقيعێكى لەو جۆرە بەمەترسى دەزانن.

ب- ناسيونالستى عەلمانى عەرەبى كاريگەرى خراپى لە سەر رەوتى ئيسلامى وڵاتانى عەرەب‌و ناوەڕاست‌و باشوورى عێراق بەجێهێشتووە, بەوەى خۆيان واحاڵى دەكەن پاراستنى يەكيەتى خاكى عێراق بەشێكە لە يەكيەتى ئيسلامى‌و بە فيدراڵى كردن تاوانێكە بە ئاڕاستەى پارچە پارچە بوونى ئوومەتى ئيسلامى.

ئەمڕۆ خەباتى ئێمە لە رووى نەتەوەيى‌و نيشتيمانييەوە بۆ سڕينەوەى شوێنەوارى حيزبى بەعس‌و پشتگيريە لە سيستەمى فيدراڵى بە جۆرێك بتوانێت ناكۆكيە نەتەوەيى‌و مەزهەبيەكانى عێراق نەهێڵێت‌و پارێزەرى تايبە تمەنديە نەتەوەيەكانى كۆمەڵگاى عێراقى بێت, عێراق نە وڵاتێكى بەرفراوانە‌و نەخاسيەتى ئابوورى جياجياى هەيە هەتا جۆرى ترى فيدراڵى بخوازێت, بەڵكو گرفتى سەرەكى فره پێكهاتەييە. فيدراڵى نەتەوەيى‌و جوگرافى نەبێت ئەم خۆفەرزكردنە نەژاديە بنبڕ ناكات. لە مێژووى ئەم سنووره جوگرافى‌و سياسيەى ئەمڕۆ ناوى لێنراوە عێراق لە هەموو سەردەمە ئيسلاميە جياجياكان دەوڵەتى مەركەزى بە خۆوە نەديووە.

سێ: لايەنە ئيسلاميەكان:_

پەيوەنديمان لەگەڵ لايەنە ئيسلاميەكان براى‌و هاوبيروباوەڕييە, ئەمە لە رووى بەجێهێنانى ئەرك‌و مافى مسوڵمانيەتى بەسەر يەكترەوە بەڵام لە چوارچێوەى كارى سياسى‌و خەباتى ئەمڕۆ ئەوە پێويستمان بە پرۆژەى هاوبەش‌و نەخشە‌و هەڵوێستى هاوبەش هەيە هەتا نمونەى ديدێكى ئيسلامى جوان بخرێتە بەردەم ميللەتەكەمان‌و پێكەوە لەبەرەيەكى هاوبيرو ئيسلا مخوازدا كۆببينەوەو بزوێنەرى پێگەى پێكەوە ژيانى پارت‌و ئاڕاستە جياجياكانى كوردستان بين. رەوتى ئيسلامى كوردستان رەوتێكى بەرفراوانە, پێشينەى مێژووى دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاى

سەرهەڵدانی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان . سەرەتای کەلتووری بەرەنگاری لە شێخ عوبێدوڵڵای نەهرییەوە لە ساڵانی (1880-1881) لە پێکەوە گرێدانی بەرگری لە کوردستان و شەریعەتەوە دەست پێدەکات.

ئەمڕۆش سەرەڕای پارت و رێکخراوە ئیسلامیەکان رەوتی ئیسلامی و ئیسلامخوازی کوردستان پانتاییەکی بەرفراوانی رەسەن و زیندووی کوردستانە.

مەرجەعیەتێکی ئیسلامی وەکو نوێنەری هەموو مسوڵمانانی خەڵکی کوردستان بۆیەکلایی کردنەوەی بابەتە فیقهی و تێڕوانینە شەرعیەکان بە پێویست دەزانین, جەماوەری مسوڵمان و حکومەتی هەرێم و هەموو لایەنە سیاسیەکان پشتیوانی لێ بکەن. لە بابەت کاری سیاسی خاوەنی پارتێکی ئیسلامی نین توانیبێیەتی هەموو قەناعەتە ئیسلامخوازەکان لە یەك ئینتیما کۆبکاتەوە. لێرەدا فرە مینبەری و رێکخراوو دەنگی جیاجیا بەکارێکی سروشتی و ئاسایی دەزانین. بەمەرجی تەبایی و هاوکاری و پێکەوە ژیان.

چوارەم: لایەنە عەلمانی و سیاسییە کوردستانیەکان

پەیوەندی موزایەدەی مسوڵمان بوون و نەبوون بە سەر هیچ کەس و لایەنێکدا ناکات, زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێمە مسوڵمانە , سروشتی خەباتی کوردایەتی و قۆناغی رزگاری نیشتیمانی کوردستان کۆمەڵێك ئیجتهادی فیکری هێناوەتە کوردستان, بە بەردەوامی گۆڕان بە سەر ڕوانگە ئایدۆلۆژیەکانی کوردستان دا هاتووە. ناتوانین لەو راستیە خۆببوێرین بەشێکی کەلتووری بەرەنگاری لە بەرانبەر شاڵاوی ئەنفال و جینۆسایدی وڵاتی ئێمە و ئەزموونی ئازادی دەوڵەتداری ئەمڕۆ هزرو بیری عەلمانی سەرکردایەتی کردووە.دادگەرانە تێگەیشتن و واقیبوون لە بەرانبەر مێژووی هاوچەرخی خۆمان گرنگە بۆ ئیستیفزانەکردنی پارت و لایەنە خاوەن خەبات و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان. ئەمڕۆش قەناعەتە فیکریە جیاوازیەکانمان هەرگیز لەگەڵ پێکەوە کارکردن و هاوهەڵوێستی لە بەرانبەر بابەتە چارەنووسسازەکان تێکەڵ ناکرێت, هەموومان پێکەوە رەوتی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێك دەهێنین و دەستکەوتەکان پێکەوە زامن دەپارێزین, دەبێت پێکەوە لە پرۆژەی سیاسی و بەرهەمدار بەکۆمەڵگای کوردستان کۆببینەوە.

گەورەترین گرفت لە بەردەم تەبایی و پێکەوەژیانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەهەموو تێڕوانینە سیاسی و فیکریە جیاوازەکانەوە نەبوونی موفرەداتی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیە لەکوردستان هەتا جێگەی بەرژەوەندی پارتایەتی بگرێتەوە, بە داڕشتنەوەی ئەدەبیات و ناسنامەی وڵاتپارێزی و دروستکردنی مەرجەعیەتی دوور لەو دەماگیری دروست دەبێت.

پێنجەم: پارت و لایەنە عێراقیەکان:

مەبەست لە لایەنە سیاسیە هاوخەباتەکانی ناوەڕاست و باشوورە کە مەینەتی زۆریان بەدەست رژێمی سەدام حوسێنەوە چێشتووە. پەیوەندی وەکو مەیدانی کاروچالاکی رێکخستن و جەماوەری ئەوە هەرێمی کوردستان سنووریەتی, بەڵام لە رێگەی نمایندەو نوسینگەی خۆی یەوە کاروچالاکی سیاسی و راگەیاندنی خۆی بەگوێرەی توانا لەسەرانسەری عێراق

گەشە پێدەدات. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەشێکە لە وڵاتی عێراق‌و بە ئەندازەی هاوبەش بوونی کوردستان لە عێراق، عێراقین‌و سەرفرازی گەلانی عێراق بەگشتی بەشێکی خەباتی سیاسی فەرهەنگی ئێمەیە، ئەمڕۆ نە عێراق بێ کوردستان سەقامگیرو سەرفراز دەبێت‌و نەکوردستان بێ سیستەمێکی دیموکراسی‌و سەرڕاست لە عێراق سەقامگیر دەبێت،

ئەم چارەنووسە هاوبەشە لە سەرمان پێویست دەکات پەیوەندی باش‌و خەباتی هاوبەشمان لەگەڵ پارت‌و رێکخراوە رەسەن‌و واقیع بینەکان پتەو بکەین.

## خاسیەتی ئامانجەکانی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان

پەیوەندی لە پێناوی ئامانج گەلێك دامەزراوەو خەباتی هەمەلایەنەو نە پساوەی بۆ دەگرێتەبەر. لە خاسیەتەکانی ئامانجی پەیوەندی یەکانگیرکردنیەتی لەگەڵ بەرژەوەندیە هەنوکەیی‌و ستراتیژیەکانی کۆمەڵگای کوردستان، قۆناغبەندی لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. دەشێت لە رووی نەرێتی دەستووری‌و دەوڵەت بەشێکی گرنگی ئەرکی بە دیهێنانی ئامانجانەش کاری حکومەت‌و دامەزراوەکانی بێت بەڵام بەشێکە لە ئامانجی ئێمەو خەباتی بۆ دەکەین هەتا دەوڵەت بە هاوکاری‌و لە ژێر فشار یان گەیشتنە قەناعەت ئەم ئەرکانە را پەڕێنێت.

لێرەوە ئەنجومەنی راوێژکاری پەیوەندی ئیسلامی کوردستان‌و ئەندام‌و دۆستانی ئەرکێکی گەورەو ئەمانەتێکی قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ لەرا پەڕاندن‌و بەکردەیی کردنی ئەو ئامانج‌و دروشمانەی بەرزی دەکەنەوە، ئەرکی رۆشنبیران‌و خەمخۆران‌و تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانە بەچاوی خۆماڵیانەو بەوێژدانەوە بڕوانە ئایندەی رێکخراوەکەیان.

لایەنێکی تری خاسیەتی ئامانجی ئێمە واقیعیبوونە لە بەدیهێنان‌و دوورکەوتنەوەیە لە مەحاڵ‌و میسالیەت. بە هەمان خاسیەتی واقیعیبوون پشت دەبەستێت بە ئامرازو شێوازە واقیعیەکان. زەroورە ئەو تایبەتمەندیەش لێرەدا بخەینەڕوو کە دەمانەوێت زۆرترین گیانی هاریکاری بخەینە ناو هەموو چین‌و توێژەکانی کوردستان بە هەموو ئاڕاستەو ئایدیا جیاجیاکان لە دابین بوونی ئامانجەکانمان. هەمووومان نەوەی یەك ژینگەو یەك کۆمەڵگای هاوخۆزگەین، دەبێت‌و چاوەڕوانکراوە بەشێکی ئامانجی گروپ‌و پارت‌و لایەنە سیاسیەکانی تر لەگەڵ هی ئێمە یەکانگیر بێت‌و بەشێکی ئامانجی ئێمەش یەکانگیر بێت لەگەڵ هی ئەوان. زۆر پێویستە لێرە بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانەدا بگەڕێین‌و کارنامەی هاوبەشی بۆ دابڕێژین، هەتا هەم خزمەت بە دۆزی میللەتەکەمان بکەین‌و هەم پەرژین بۆ خاڵە ناکۆکەکان دابنێین.

ئامانجی ئێمە (هەروەکو لە پەیڕەوی ناوخۆ داهاتووە) گشتگیرەو هەموو لایەنەکانی رەوشی سیاسی‌و پەروەدەیی‌و فەرهەنگی‌و ئابووری‌و خزمەتگوزاری‌و.... هتد دەگرێتەوە، مادام بەشێکە لەخواست‌و خەونی کۆمەگاو بەشێکە لەگرفتەکانی لە ئامانج‌و خەباتی بەردەوامی ئێمە بەدەرنابێت.

## ﴿تەبایی‌و گۆڕان‌و کوردستانی بوون﴾ وەکو سێ تەوەرەی گرنگ‌و جەخت لەسەر کراو:-

تەبایی: تەبایی لە هزرو بەرنامەیی پەیوەندی لە قبوڵ کردنی قەناعەتی بەرانبەرو دژایەتی نەکردنی دژە بۆچوونی بەرانبەرەوە سەرچاوەی گرتووە, ئەمەش بەمانای تواندنەوەی خاسیەتی بیرکردنەوەی ئێمە نیە لەگەڵ هەموو تەوژمە فیکریو تێڕوانینو هەڵوێستە سیاسییەکانی ساحەی سیاسی ئەمڕۆ. بە خاسیەتی بیرو هەڵوێستی خۆمانەوە هاتووینە مەیدانو کار بۆ بەرفراوانکردنی ئەو خاسیەتە دەکەین, بە قبوڵ کردنی ناکۆکیو داننان بە بوونی بەرانبەرو وەرگرتنو بەخشین لە سەر بنەمای هاڤپەیڤینی هێمننانە. مەرجە لەگەڵ هاوفکرانی ناو پڕۆژەی

خۆمان قەناعەتمان وەکو یەك یان لە سەر بنەڕەتەکان یەك بێت بەڵام لەوێوە هەتا دەگاتە دوورترین گروپی جیاواز بە دیدگای ئێمەدا لە جیاوازی ڕێژەیی تێنا پەڕێتو لە خاڵو ئامانجی هاوبەش بەدەر نیە, ئەمەش دەروازەیەکی گرینگە بۆ تەباییو پێکەوەژیان, بەڵام ئەم خاڵە هاوبەشو خەونە لێك نزیکانە ئەگەر بەرهەمدار نەکرێن خاڵە ناکۆکەکان دەرفەت لە بەردەم تەبایی تەسك دەکەنەوە.

ئایا ئەمڕۆ وەکو لایەنێکی ناو ڕەوتی ئیسلامی کوردستانو عێراقو ناوچەکە خواستی تەبایی بەئاڕاستەی ڕەوتە هاوفیکرەکانمان دەبەین یان بە ئاڕاستەی خواستەکانی نەتەوەییو نیشتیمانی؟ ئەمە پرسیارێکەو بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ڕووی سەرکردایەتی پەیوەندی ئیسلامی کوردستانو ئەندامانی دەبێتەوە. پرسیارەکە تازە نیەو کرۆکی ئامانج لە دروسبوونی پەیوەندی وەڵامدانەوەی کردەیی ئەم پرسیارەیە.

لێك جیاکردنەوەی خواستی ئیسلامخوازیو خواستی نەتەوەییو نیشتیمانی ئەو پرسیارە هەڵەیە بووە ڕەوتی سیاسی کوردستان بە هەموو ئاڕاستەکانیەوە تێی کەوتووە. بەرواود لە نێوان ئەم دوو خواستە ناکرێت, خواستی ئیسلامخوازی بە بێ رووبەرێکی سیاسیو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بێئاکامە, هەروەها هیچ نیشتیمانو نەتەوەیەك بێ داینەمۆی بیروباوەرێك بۆ ڕێکخستنی خواستەکانی سەرکەوتوو نابێت. ئەم دوو خواستە دوو رووگەی جیاوازنینو تەواوکەری یەکترنو بەرهەمدارکردنی خواستی نەتەوەییو نیشتیمانی بە بنەماکانی ئیسلامەتی لە بنەڕەتی فیکری ئێمەیە. بۆ پیادەکردنی ئەم قەناعەتەش پێویستمان بە مەرجەعیەتێکی باڵا هەیە جێی متمانەی هەموو لایەك بێتو ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ هەموو ڕەوتە سیاسیەکانی کوردستان.

گۆڕان:- گۆڕان بە ئاڕاستەی شێوازێکی تازە لە کاری سیاسیو ڕێکخراوەییو مامەڵە لەگەڵ رووداوو گرفتەکان. پەیوەندی ئیسلامی کوردستان بەر لە راگەیاندنی ڕەسمیو دوای راگەیاندنو ئێستاش دەخرێتە ژێر ئەو پرسیارەوە ئایا شتی تازەی پێیەو چ گۆڕانێکی تازە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دی؟؟ فەرمانڕەوایەتی رابردووی ئێمە لە سیستەمی فەرمانڕوایەتی قۆناغە جیاجیاکانی دەسەڵاتی خەلیفەو سوڵتانەکانەوە بیگرە هەتا دەگاتە میرنشینە کوردیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو سەردەمە تازەکان, سەرەڕای دەوڵەمەندی لایەنی فەرهەنگیو کەلتووریو فیکریو دەستکەوتی گەورە لەلایەنە بنەڕەتیەکان گرفتی گەورەمان بۆدروست دەکات ئەگەر بێ ڕەخنەو سەرنج تەماشای بکەین. مێژووی ئیجتیهادی مرۆڤی مسوڵمانە بە خراپو باشیەوەو وەڵامی گرفتی قۆناغی خۆی پێدراوەتەوە بە تەواوی خاسیەتەکانی شوێنو کاتی خۆی, لەگەڵ دابڕانی سەدەیەك لەو سیسەتەمە دەبێت ژیرانەو تێگەیشتنی ووردەوە ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە, گۆڕان بە ئاڕاستەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی گرفتەکانی ئێمەی تێدا غائب بووە یان لە ئەسڵدا ڕەخنەو سەرنج هەڵدەگرێ.گۆڕان بە ئاڕاستەی خوێندنەوەی واقیعیانەی سەردەم و سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو

ئەزموون و كەلتووره دەوڵەمەندە بەچاوی زەمان و شوێن و رەهەندەكانی تایبەت بە خۆی. گۆڕان بە ئاڕاستەی دروستكردنی هێڵەكێكی خۆماڵیانە لە بەرانبەر ئەو تەوژمە فیكری و شارستانیە دەرەكیەی ولاّتی ئێمەی كردۆتە كێڵگەی تاقیكردنەوەی خۆی.

گۆڕان بەئاڕاستەی ئالیەت و ئامرازی تازە لە پێگەی جەماوەری و پەیكەری تازە لە خۆڕێكخستن و چوونە ناو جەماوەر. دەربازبوون لەو شێوازە باوە مشەخۆریەی هەیە لە خۆژیاندن لە سەركاری سیاسی. بەرەو پارتایەتیەكی بێدەمارگیری و بێ رۆچوون لە خەرجی بارەگاو، دانەبڕان لە خەم و پرسی كۆمەڵگاو داهێنانی مامەڵەی خاكیانە.

كوردستانیبوون: كوردستان نیشتیمانی ئێمەیە، جێی شانازی و سەروەریمانە، كوردین و ولاّتمان جێی چاوتێبڕینی داگیركەرانە. خۆشەویستیمان بۆمرۆڤایەتی و تایبەتتر بۆ مسوڵمانانی سەر زەوی دەبێت دەستی پێوەبگرین بەلاّم كەس لە جیهان بێ نیشتیمان نیە. ئەوەی نیشتیمانی نەبێت و خۆشی نەوێت و بۆ سەرفرازی و رزگاری خەبات نەكات مرۆڤێكی بێهەست و مسوڵمانێكی ناكامڵ و نەفام و بێخەبەرە لە سروشتی ئیسلام و ئەركی مسوڵمانیەتی.

سروشتی بەرزە فڕینی ئومەمیەت لە رەوتی تازەی ئیسلامی كوردستان لە هەموو رەوتە ئیسلامیەكانی تری دونیا زاڵترە، ئەگەر لەلایەك پاكی و بێگەردی تاكی ئیسلامخوازی كورد بگەیەنێت، رەهەندیتریشی هەیە ئەویش كاردانەوەی هەڵوێستی بەشێك لە رەوتی توندڕەوانەی ناو بزاڤی ناسیۆنالستی كوردستانە لە بەرانبەر رەوتی ئیسلامخوازی كوردستان. ئەمە گرفتێكەو دەبێت لە هەردوو لاوە كاری لە سەر بكرێت، لەلایەك هوشیاری ناو رەوتی ئیسلامی لە سەر ئەم مەسەلەیە گەشە بكات و لەلایەك بەبیر رەوتە عەلمانی و چەپەكان بخەینەوە خەباتی خۆیان بە ئاڕاستەی رێزگرتنی بەها پیرۆزەكانی كۆمەڵگای كوردستان هەموار بكەن.

پەیوەندی ئیسلامی كوردستان هاوبیروباوەڕی رەوتی ئیسلامی دونیایە بەلاّم هاوچارەنوس و خاوەن پرۆژەی سیاسییە لەگەڵ رەوتە سیاسیەكانی كوردستان بە هەموو ئاڕاستە جیاجیاكانەوە، جێگەی سەرەكی كاروچالاكی مەڵبەندی ئەسڵی ئێمە چوارچێوەی خاكی كوردستانی باشوور (كوردستانی عێراق)ە، كاروچالاكی لە سەرانسەری عێراق و هەندەران تەواوكەرو پەرەپێدەری ئەو پرۆژە سیاسی و كۆمەلاّیەتی و خزمەتگوزاریانەی هەرێمی كوردستانە.

## سەرەتایەك بۆ راگەیاندنی (پەیوەندی ئیسلامی كوردستان)

لە سەرەتای ساڵی دوو هەزارو چوارساڵ و نیو بەر لە ئەمڕۆ كۆمەڵێك لەو كادیرانەی لەناو بزووتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی ئەوكات لەگەڵ ژمارەیەك رۆشنبیری دەرەوەی (یەكبوون) لەئاكامی خوێندنەوەی دروستیان بە ئایندەی (یەكبوونی ئیسلامی ئەوكات) رێككەوتن لە سەر بیرۆكەیەكی بەدیل بەم ناوەی ئێستا. ئەمە وەكو دەستەیەكی راوێژكاری لەنێوان خۆیان مانەوە هەتا دوای یەكەم كۆنگرەی (یەكبوون) و دوای لێكترازان، بە بڕیارو راوێژی ئەم دەستەیە واقیعی رەوتە لێك جیابووەكانی یەكبوون و ساحەی سیاسی دیراسە دەكرا، هەتا سەرەتای ساڵی دووهەزارو

یەك بزووتنەوەی ئیسلامی لە دوای راگەیاندنی خۆی تەنها توانی سوود لە بەشێکی توانای ئەندامانی ئەو دەستەیە وەربگرێ. ئەم دەستەیەش هەموو کاروچالاکیەکانی خۆی بەئاڕاستەی فراوان بوون دواخست. بەشێك لە ئەندامانی ئەو دەستەیە لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامی دێرینی بزووتنەوەی ئیسلامی بوونە داینەمۆی بەرنامەو خوێندنەوەی تازە, بۆ یەکەم کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامی بەلاَم موخابن باڵی موحافیزکارو دابڕاو لەواقیعی سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتی جەماوەری کوردستان گرفتی خستە بەردەم گۆڕان. لەدوای ئەو قۆناغە راوێژکردن لە سەر بەدیل هاتینە سەر راگەیاندنی رێکخراوێکی تازە. جۆرە هاوڕایەك هەبوو لەسەر ناوی رێکخراوە تازەکە بەووشەی ( ئیسلامی )و

( کوردستان ) دواتر لە سەر وشەی پەیوەندی گردبووینەوە چونکە: پەیوەندی ناونیشانی رەوتێکی خاوەن هیواو گۆڕانکاری گە نجانە بووە. پەیوەندی ناوی یەکەم رێکخراوی سیاسیو چەکداری خەباتی شار وشاخی سەرەتای هەشتاکانەو سەرەتای قۆناغێکی سەختی خەباتی بزاڤی ئیسلامی کوردستان بووە بە ناوی ( بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان ) کە دواتر لەکۆتایی ساڵی 1987 لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی یەکیان گرتو ئەساسێکی

خۆماڵیانەو دڵسۆزانەی هەبووە. پەیوەندی لەناوەڕاستی هەشتاکان دەستپێکی ناوی یەکەم رێکخراوی پیشەییو سەندیکایی تایبەت بەخەباتی خوێنکارانو لاوانی رەوتی ئیسلامی کوردستان بوووە بەناوی ( پەیوەندی ئیسلامی خوێندکارانو لاوانی کوردستان ). لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە خەباتی پەروەردەییو سیاسیو فەرهەنگیو رۆژنامەگەریو خزمەتگوزاری.

ئەمڕۆ ئەندامانی دامەزرێنەرو دەستەی راگرایەتیو ئە نجومەنی راوێژکاری ( پەیوەندی ئیسلامی کوردستان ) خەڵکانی ئەکادیمیو مامۆستاو پارێزەرو رۆشنبیری شارن لەگەڵ کۆمەڵێك بە ئەزموونی خاوەن سەروەری پێشمەرگایەتی کۆتایی هەشتاکانی دژ بە شالاَوی پاکتاوی رەگەزیو زوڵمو زۆرداری رژێمی سەدام.

ئەمڕۆ پەیوەندی ئیسلامی کوردستان لە دایکبووی ئاساییو واقیعی کوردستانەو کێشەی میراتگریو گرفتی لێکترازانی لەگەڵ هیچ گروپو لایەنێکی سیاسی نیە. ئەزموونی بەشێك لە ئەندامانی لە رابردوو لە ناو لایەنە ئیسلامیەکانیتر خزمەتە بە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی ئەمڕۆی کاری رێکخراوە تازەکەمانو هیچماناو مەبەستێکیتر نابەخشێت.

رۆژی 2005/6/20 بەدوا ئاکامی راوێژکردنو پوختەکردنەوەی قەناعەتی ناو ئەندامانی خۆی دەزانێت لە سەر راگەیاندنو ئاشکراکردنی بەرنامەو پرۆژەی سیاسی خۆی بەلاَم لەرووی یاساییەوە بەزارەکیش بێت روخسەتی دامو دەزگای پەیوەنیداری حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە پێویست زانیووەو ئەمە هۆکاری دواکەوتنی وادەی راگەیاندنی رەسمی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان بووە.

&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&

ئەمە سەرەتایەکە بۆ ناساندنی دیدو بۆچوونی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان لە سەر کۆمەڵێك بابەتی سیاسیو فیکری گرنگ. بەرئە نجامی راوێژکردنو گفتوگۆی نێوان ئەندامانی ئە نجومەنی راوێژکاریو دەستەی راگرایەتی پەیوەندیە. لەگەڵ سوود وەرگرتن لە پرۆژەنامەکەی بەرێز ( د.عوسمان عەلی ) لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2004.

ئێستاش پرۆژەیەکەو تەعبیر لەسیاسەتی ئێمە دەکات, دەکرێت سەرنج و تێبینی لە سەر کۆبکرێتەوە, لە پلنیومێکدا دەوڵەمەنتر بکرێت.

جەمادی یەکەمی 1426- حوزەیرانی 2005- پوشپەڕی 2705

ئەنجومەنی راوێژکاری پەیوەندی ئیسلامی کوردستان

بۆ هەر سەرنج و رەخنەو داوایەک دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەم ئیمێڵانەوە:

paywandi_islami@hotmail.com
paywandi_islami@yahoo.com